

# له مێژووەوە بۆ فەلسەفەی مێژوو

## خوێندنەوەیەك بۆ هزری مێژوویی لای یۆنان

مستەفانەشار

لەعەرەبییەوە: سەلام عەبدولکەریم

هەندێك وا دەبینن، یەکەم کەسێك لەمێژوو نوسانی یۆنان بناسین، بریتیە لە هکتایۆسی مەلەطی کە لەدەوروبەری سالّی (٥٤٦ پ.ز) لەمەلاّتیە لەدایکبووە،و دەربارەی رەچەلّەکی گەلی یۆنان شتی نوسیوە، هەروەك دەربارەی ولاّتی میدیاش شتی نوسیوە، دوای ئەوەی لەمیانەی چەند گەشتێکدا سەردانی ئەو ولاّتەی کردووە، بەلاّم بەگوێرەی بیروڕای (ج. هونشو) هەلّەی زۆر بووە، هەرچەندە خاوەنی گیانێکی تەندروست و عەقلّیەتێکی زانستی بووە، بەلاّم راستی ئەوەیە کە سەرەتای بایەخدانی راستەوخۆی یۆنانیەکان بەمێژوو بەشێوەیەکی کرداریی ، دەگەڕێتەوە بۆ نوسراوەکانی هیرۆدۆت کەلەنێوان سالاّنی (٤٨٤ – ٤٢٦ پ.ز) دا ژیاوە، ئەگەر هاتوو مێژوو بەگوێرەی گوزارشتی (carr) پرۆسەیەکی کارلێکی بوو، یان لەرابردوودا روویاندابوو، هەروەها ئەگەر هاتوو زانستیبوونی مێژوو بەوە پێوانەکراوە کە بریتیە لە (کۆمەلّێك مەعریفەی بەرهەم هاتوو لە رێگەی میتۆدێکی توندوتۆلّ بۆ گەڕان

بەدوای جۆرێکی دیاریکراو لەڕووداوەکان، ئەوا ئەو پەیوەندی بە کەسە زیندووەکانی نێوخەڵکەوە لەکۆمەڵگەدا دەکات، لەمیانەی تێپەڕبوونی ماوەکانەوە لە رابردوودا).

بۆیە ئەگەر وابێت، هیرۆدۆت بەراستی بەیەکەم کەس دەژمێردرێت، کە مەرجەکانی زانستیبوونی لەمێژووەکەیدا وەدیهێناوە، ئەو دەربڕینی (historia) ی یۆنانی بەکارهێناوە کە واتای گەڕان یاخود (ۆشکنین) دێت، وەك بەڵگەیەك لەسەر ئەم زانستە لەپاشان هیرۆدۆت دیسان بەڕاستی باوکی مێژووە، هەروەك سەرجەمی زانایان و مێژوونووسان لەسەر ئەمە کۆدەنگن.

هیرۆدۆت ئامانجی خۆی لەمێژوودا لەپێشەکی کتێبەکەیدا دیاریکردووە، ئەو هیوای خواستووە لە مێژووەکەیدا دووئامانج بێتەدی، یەکەمیان پاراستنی یادەوەری رابردوو بەتۆمارکردنی دەستکەوتە سەرسوڕهێنەرەکان، ئیتر یۆنان پێی هەستابێت یاخود گەلانی ئاسیای رۆژهەلاّت، دووەمیشیان بەشێوەیەکی تایبەت چۆن پێکدادانی نێوان ئەو دوو وەچەیە روویداوە.

هیرۆدۆت جەنگەکانی نێوان یۆنان و فارسەکانی وەك هەوڵدانێك بۆ گەیشتن بە هۆکارەکانی ململانێی توندی نێوان یۆنان و فارسەکان نوسیوەتەوە، ئەمەش پاڵپێوەنانە بۆ نوسینەوەی مێژووی گەشەکردنی ئیمپراتۆریەتی فارسی و نوسینەوەی مێژووی لیدیاو هێرش و پەلاماری فارسەکان بۆسەر (میسر)، دیسان ئەم حاڵەتە پاڵپێوەناوە بۆ گەشتکردن بۆ میسر و لەوێشەوە بۆ باسکردن و پەستکردنی میسر و داب و نەریتی خەڵکەکەی.

ئەمە بەڵگەنیە لەسەر زانستیبوونی هیرۆدۆت لەهەوڵەکەیدا بۆ گەیشتن بەسەرچاوە رەسەنەکانی هەندێ چیرۆك و گێڕانەوەی مێژووی، کە لەولاّتی یۆنان بیستوونی، هیرۆدۆت کۆششی کردووە بۆ گەیشتن بەرەچەڵەکی (هرقل) و رزگاربوون لە جیاوازی نێوان هرقلی یۆنانی و هرقلێکی دیکە، کە یەکێك لەو دوانزە خواوەندە بووە، کە لەشاهونی خواوەندییەوە لەپێش فەرمانڕەوایەتی ئەزمایس (ئەحمس) بە حەڤدە هەزار ساڵ گەشەی کردووە، هیرۆدۆت بۆ گەیشتنی بەڕاستی ناچار بووە گەشت بۆ قەلاّی فینیقیا و پاشان شاسوس بکات، چونکە زانیویەتی، کە ئەو دوو شوێنە پەرستگای بۆ پەرستنی هرقل لێبووە.

هەروەها هیرۆدۆت هەمان شتی کردووە بۆ ڕزگاربوون لەراست و دروستی گێڕانەوەی هۆمیرۆس کە لەداستانی (ئەلیازە) دا، دەربارەی چۆنیەتی پێدانی پاریس (Paris) کوڕی پاشائەلیون بەهیلانا ( Helen)ە ی ژنی پاشای ئاخائییەکاندا، ئەو ڕووداوەی کەهۆکاربوو لە هەڵگیرسانی جەنگی ئەروادەدا، هیرۆدۆت ئەوەی ئاشکراکردووە کە گێڕانەوەی هۆمیرۆس، تاکە گێڕانەوە نییە، بەجۆرێ گێڕانەوەیەکی میسریش بۆ ئەو چیرۆکە هەیە.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە، کە هیرۆدۆت دەڵێ :(لەوانەیە هۆمیرۆس ئەو گێڕانەوە میسرییەی زانیبێت، بەڵام پشتگوێ خستووە، چونکە شیاونەبووە بۆ شیعری داستانی لەنموونەی ئەو گێڕانەوەیەی کە پێشکەشی کردووە).

هیرۆدۆت گێڕانەوە میسرییەکە بۆ ئەو چیرۆك لەمێژووە کەیدا پێشخستووە و ئەوەی، کە گرنگە لەو گێڕانەوەیەدا و جیاوازە لە گێڕانەوەکەی هۆمیرۆس ئەوەیە کە هیلانا لەمیسردا ماوەتەوە و لەگەڵ ڕفێنەرەکەیدا میسری جێنەهێشتووە، چونکە پاشا بڕیاریداوە لەمیسردا بیپارێزێت، تاوەکو دەیداتەوە دەست خاوەنەکەی یان کەسوکاری، هاوکات هیرۆدۆت ڕازی نەبووە لەسەر گێڕانەوەی میسرییەکە بۆ ئەورووداوە بەپشت بەستن بە بەڵگەی عەقڵی کە جێگەی باو لەکتێبەکەیدا هێناویەتیەوە جەختی لێکردۆتەوە، هۆشیاری مێژوویی لای هیرۆدۆت گەیشتۆتە ئاستێك، کە تیایدا مێژووی بە جوگرافیا و توێژینەوەی ڕەگەزی مرۆیی بەستۆتەوە لەلایەك، لەلایەنی یەکەمەوە لای هیرۆدۆت مێژوو تەنها ڕووداونیە، بگێڕدرێتەوە و مێژوونووس لەرێگەی گەڕان بەدوای سەرچاوە و بەڵگەنامەکانیدا بگەڕێت بەدوای مەودای ڕاست و دروستیدا، بەڵکو هەمیشە پشتگیری گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی بەشرۆڤەی جوگرافی دەکات، ئیتر بۆ زەوی بێت کە ڕووداوەکە لەسەری ڕوویداوە، یاخود بۆ مرۆڤەکان بێت، کە ئەو ڕووداوانەیان دروستکردووە، لێرەشدا (سارتون) ڕاستی وتووە، کاتێك شرۆڤەی کتێبەکەی هیرۆدۆتی لەو گۆشەیەوە کردووە بەوەی وتوویەتی:(کتێبەکەی هیرۆدۆت تەنها یەکەم پۆلێنبەندی نییە لە مێژوودا، بەڵکو بریتیە لەیەکەم پۆلێنبەند لە جوگرافیای مرۆڤیشدا).

لەلایەکیترەوە هیرۆدۆت پۆلێنبەندییە مێژووییەکەی لەژێر کاریگەری (گەشەکردنی ئەیونی) خۆیدا نوسیوە، بەجۆری بەشێوە زاری روون نوسیویەتی، هەروەك تیایدا کاریگەر و سەرسام بووە بە فەلسەفەی زانستی – سروشتی، کە لەهەلاَتیەوە لە هەندێ شاری تری ئەیونیادا پێش لەدایکبوونی خۆی بەدەوربەری سەدەیەك دەستی بەدەرکەوتن کردووە، بەمەش ناتوانین کاریگەری فەیلەسوفە ئەیونیە یەکەمینەکان لەسەر بانگەشەی زانستی هیرۆدۆت لە گێڕانەوەی رووداوە مێژووییەکاندا پشتگوێ بخەین، ئەو دەمارگیری و بانگەشەیەی لەهەولَی ملکەچکردنی ئەفسانە مێژووییەکاندا کە یۆنانیەکان بەشێوەی سەرزارەکی دەیانگواستەوە لە هۆنراوە یۆنانیەکانی هۆیرۆس و هزیود و جگەلەوانیشدا هاتووە، بۆ وردبوونەوەی مێژوویی لەسەر ئەم جۆرە دانانە، کە لەپێشەوە نموونەمان لەسەری هێنایەوە.

هاوکات ئەم بانگەشەو دەمارگیرییە زانستییەی کە بەهۆی سەرسامبوونی فەیلەسوفەکانی ئەیونیا چنگی خستووە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی، کە عەقلَیەتی دوور لەدەمارگیری بۆ رەگەزی یۆنانی بەرهەم بهێنێ، هەروەك ئەمە بۆتەهۆی بابەتیبوونی مێژوو، ئەو بابەتیبوونەی، کەوایکردووە بە بەردەوامی جەخت بکاتەوەلەسەر بنەچەی میسری و فارسی فەلسەفەی یۆنانی، بۆیە باوەڕی ئاینیە یۆنانییەکان ئەو بابەتیبوونە مێژووییە لای هیرۆدۆت تێروتەواو بووە لەگەلَ فەلسەفەی مێژووییدا کە پشتی بەستبوو لەسەر بیروباوەڕی گۆڕانی چانس، کە لەخستنەڕووی مێژووی رووداوەکاندا دەردەکەوێ، وەك ئەوەوایە، کەتوانای خواوەندی بێت و تیایدا هەموو کەسێکیان بەگوێرەی توانای خۆی پالَپێوەبنێت، کتێبەکەی هیرۆدۆت بەمێژووی کرۆسۆس دەستپێدەکات و بەمێژووی کسریس کۆتایی دێت و رووداوەکان بەدوایدا دێت، بەجۆرێ لە هەموو چرکەیەکدا هەست بەو تۆلَەکردنەوە خودابیە دەکەین، کە رەحم ناکات و دەروونەکان لە خۆبەزلزان و لە خۆبایبوون پاکدەکاتەوە، هەروەك کە هەست بەبوونی بیرۆکەی بایەخپێدانی خودایی دەکەین و هیرۆدۆت گوزارشتی لێکردووە و لای سۆفۆکلیس و یوریبیدسیس هاتووە.

توانای مێژوویی هیرۆدۆت لەدووکاری گرنگدا دەردەکەوێت، کە لەوانی پێش خۆی لەرۆژهەلاَتیەکان یان یۆنانیەکانی جیادەکاتەوە، یەکەمیان: هیرۆدۆت لەمێژووەکەیدا هەمیشە

له باسکردن و شرۆڤه‌کردنه‌وه گواستویه‌تیه‌وه بۆ شیکردنه‌وه و لێکۆڵینه‌وه له هۆکاری رووداوه مێژووییه‌کان.

دووه‌میان: هیرۆدۆت مێژووی له‌چوارچێوه‌ی گێڕانه‌وه‌ی رووداوه سیاسیه گه‌وره‌کانه‌وه، که فه‌رمانڕه‌وایان یان جه‌نگه گه‌وره‌کان، که‌سه سه‌ربازییه‌کان ئه‌نجامی ده‌ده‌ن کورت نه‌کردۆته‌وه، هه‌روه‌ك هه‌میشه ئه‌م کورتکردنه‌وه‌یه‌ی مێژوو لای هه‌ندێ له‌مێژوونووسان رووده‌دات، به‌ڵکو ئه‌و رووداوه سیاسی و جه‌نگیانه‌ی تێپه‌ڕاندووه بۆ ئه‌وه‌ی هه‌روه‌ك (ئه‌حمه‌د صحبی) ده‌ڵێ : لایه‌نی شارستانیمان له‌مێژوودا بۆ ده‌ربخات، ئه‌و لایه‌نه‌ی که مێژوونووس تیادا به‌هه‌ستی کۆمه‌لآیه‌تی و مێژوویی هۆشیاری خۆی، داب و نه‌ریتی گه‌لان ده‌گێڕێته‌وه و ده‌نوسێته‌وه له‌گه‌ڵ ئاراسته‌هزریی و ئاینییه‌کانی و سروشتی ئه‌و شوێنانه‌ی که گه‌لان تیایدا نیشته‌جێ بوون و ئه‌و زمانانه‌ی قسه‌ی پێده‌که‌ن و جۆره‌کانی خواردن،که ده‌یخۆن و .... تاد. ئاشکرا ده‌کات.

هیرۆدۆت ئه‌مه‌ی کردووه به‌رێگه‌یه‌ك که هه‌ندێك به (باوکی زانستی تایبه‌تمه‌ندی گلانی یان ئه‌تنۆگرافیا – Ethnology)ی دابنێن، گومانی تێدانیه ئه‌و رێگه‌یه له‌مێژوودا هه‌ستی شارستانی مێژوونووس ئاشکرا ده‌کات، هه‌روه‌ك ئه‌وه ده‌خاته روو، که مێژوونووس ده‌رك به‌وه‌ده‌کات که مێژوو بریتیه له مێژووی گه‌لان و ده‌ستکه‌وته‌کانیان له‌سه‌رجه‌م بواره‌کاندا نه‌ك ته‌نها مێژوویه‌ك بێت بۆ ده‌ستکه‌وتی سه‌رکرده سیاسییه‌کان یاخود فه‌رمانده سه‌ربازییه‌کان.

وشیاری مێژووی یۆنانی له‌سه‌ر ده‌ستی دووه‌م مێژوو نوسی یۆنان ثیوکیدیدس (Thucydides) په‌ره‌ی سه‌ند، ثیوکیدریدس وه‌ك هیرۆدۆت له‌سه‌ده‌ی پێنجه‌می پێش زاییندا ژیاوه، به‌لآم له‌نێوان سالآنه‌ی (٤٧١ و ٤٠١) یاخود له‌نێوان سالآنی (٤٦٠ و ٣٩٥) له‌گێڕانه‌وه‌یه‌کی تردا، یان له‌نێوان سالآنی (٤٥٥ و ٣٩٩) له‌گێڕانه‌وه‌ی سێیه‌مدا سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی ثیوکیدریدس به‌هیچ شێوه‌یه‌ك ناوی هیرۆدۆتی نه‌هێناوه، به‌لآم ئه‌وه ده‌بینرێ، که ئاماژه‌ی تێدایه نوسراوه‌کانی به‌ڵگه‌یه له‌سه‌رئه‌وه‌ی باسی که‌سانی پێش خۆی به گرنگیه‌وه کردووه.

ثیوکیدیدس له‌وماوه‌یه‌ی، که جیا یان ده‌کاته‌وه له‌یه‌کتری له‌گه‌ڵ هیرۆدۆتدا، بریتیه له‌ده‌وربه‌ری (٢٠) ساڵ سه‌رکه‌وتووبووه له جه‌ختکردنه‌وه له زانستیبوونی مێژووه، کاتێك

بابەتێکی دیاریکراوی بۆ مێژووەکەی هەڵبژاردووە و ئەویش بریتیە لەجەنگی پیلۆپۆنیزیا، کە لەنێوان هەردوو دەوڵەتەشاری ئەسینا و ئەسپارتە لەنێوان ساڵانی (٤٣١ و ٤٠٤) پێش زایندا درێژەی کێشاو هەموو دەوڵەتە شارەکانی یۆنانی بەنزیکەیی گرتەوە، ثیوکیدریدس ئەوەی هەڵبژارد، کە ئەو جەنگە بنوسێتەوە، چونکە وایداناوە کە دبێتە مەزنترین جەنگەکان و زۆرترین لێکۆڵینەوەی دەوێت ،ثیوکدیدس بیروباوەڕیشی لەسەر ئەو راستە بونیاتناوە کە هەردوولا بەهەموو توانا و هێزێکەوە خۆیان بۆ ئامادەکردووە و پاشماوەی جیهانی هیللین هاوکارانە لەتەنیشتی یەکێك لەو دوولایەنە وەستاوە.

بۆیە ثیوکیدیدس رووداوە مێژووییە گەورەکەی دیاریکردووە کە دەربارەی دەنوسێتەوە، هەروەك بەروونی ئەو هۆکارانەشی دیاریکردووە کەوایلێکردووە رووداوەکان تۆمار بکات، بەلاَم شێوازەکەی لەتۆمارکردندا تابڵێی زۆر زانستی و بابەتی بووە لە شێوازی پێش خۆی واتە هیرۆدۆت، بەم جۆرە ثیوکیدیدس مێژووەکەی بەشێوەیەك نوسیوەکە نوسراوە پزیشکیەکانی ئەبی قرات ئەچێ، بەشێوەیەك کتێبەکەی خاڵییە لەهەر بەرز راگرتنێکی خواوەندەکان یان موعجیزەکان یاخود هیواو ئومێدەکان یاخود ئەوەی لەوەبچێت، هەروەها بەتەواوی خۆی دوورختۆتەوە لەگێڕانەوەی رووداوەکان و بایەخیداوە بەلێکۆڵینەوەی ئەو رووداوانەی گێڕاویەتیەوە بەشێوەی لێکۆڵینەوەی زانستیانە، هاوکات زۆر تەرکیزی لەگێڕانەوەکەیدا هەبووە و بەدرێژی شتی لێوەرنەگرتووە و وای بینیوە پێویست نەکات، ئەمەش وایکردووە، کە تەرکیزی لەسەر ئەوەبێت مێژووەکەی لەسەر تۆمارکردنی رووداوە سیاسی و سەربازییەکـــان کـــورت بکـــاتەوە.

هەمووان شاهێدی بێلایەنی و بابەتیبوونی بۆ دەدەن، چونکە لایەنگیری ئەسینا و سەرۆکەکەی، کە (بێرکلس) بوو نەکردووە، سەرەڕای ئەوەی، کە ئەسینیەکی دڵسۆزبووە بۆ بێرکلس، لەلایەکیترەوە مێژووەکەی ثیوکیدریدس سەرسام و کاریگەر بووە بە زانیاری سۆفتاییەکان کەلەسەری پەروەردە بووە، هەمیشە ثیوکیدیدس ئامادەبووە بۆ گۆێگرتنی لە گۆشەنیگای هەمولایەك بە ئەمانەتەوە بۆ ئەوەی گوزارشتی لێبکات و بیگوازێتەوە و

شیبکاتەوە و بیکاتە بابەت لە گۆشە جیاوازەکانەوە دەربارەی ئەو بابەتە، بەبێ سەرخستنی گۆشەنیگـــایەکــی دیاریکراو.

مەبەستی ثیوکیدیدس ئەوەبوو راستگۆ و دەستپاك بێت لەگواستنەوەی رووداوەکاندا، هەروەك دواوە و گوزارشتی لە گۆشەنیگا جیاوازەکان دەربارەی رووداوەکان کردووە، ئەوەش بێگومان لەپاشماوەی مێژوونووسە بابەتیەکانەو لەدیارترین تایبەتمەندی مێژووە لە چەرخی نوێدا، کە کاریگەرە بە فەلسەفەی وەزعی و هزری زانستی نوێ، ثیوکیدیدس لە بابەتیبووندا گەیشتۆتە پلەیەك، کە ناتوانیت لەگەڵیداو نازانێت کێیەو ئەوە کێیە کەرووداوەکانی دەیگێڕێتەوە، بەجۆرێ لە گێڕانەوەی رووداوەکانەوە ناتوانین ئەوە بەرهەم بهێنین، کە ئاخۆ ثیوکیدیدس ئەسینفی بووە یاحود ئەسپارتەیی؟!

بێگومان ئەمە ئەوپلەیەیە لەبابەتبوون و داڕنین، کە مەگەر تەنها کەمێك لەمێژوو نووسان لەهەر سەردەمێکدا پێی بگەن، بەلاّم ئەو سەرچاوانەی کە ثیوکیدریدس پشتی پێ بەستوون لەمێژووەکەیدا یەکەمیان، هاوژیانی تایبەتی خۆی بۆ رووداوەکان، بە جۆرێ کە لەو سەردەمەدا ژیاوە کە رووداوەکانی تێدا روویانداوە، دووەمیان، ئەو زانیاریانەی کە لەگێڕەوەکانەوە وەریگرتووە، سێیەمیان، هەندێ بەڵگەنامە کە دەستی کەوتووە بۆ نموونە پشتی بەستووە بە دەقی پەیماننامەی (ئەنیکیاس) و دەقی هاوپەیمانی لەنێوان ئەسنییەکان و هاوپەیمانەکانیاندا، چوارەمیان، دیمەنە شوێنەوارییەکان بۆ نموونە پشت بەستن بە دیمەنە شوێنەوارییەکانی لەگەڕانیدا بەدوای بنەچەی یۆنانیەکان بەپلەیەك، کە هەندێك بە باوکی(زانستی شوێنەوار) بانگ دەکەن، بۆیە ثیوکیدریدس کەسێکی وشیار بووە بەمەسەلە میتۆدییەکان، پشتی پێ بەستووە و لەمێژووەکەیدا بەکارهێناوە. ئەمەش ئەوەیە کە گوزارشتی لەهەندێکیان کردووە کاتێ دەڵێت: لەمێژووەکەیدا و کارەکە لەپێش و لەکاتی جنگەکەدا داونی، بەکارهێناوە و گرانبووە باسی ئەو وشانە بکات تیایدا بەکاریهێناون و ئەوەش گێڕەوەکانی دۆزیوەتەوە کە پشتی پێ بەستوون لەوەدا کە خۆی گوێی لێ نەبووە لەو گرانی و نارەحەتیەی کە رووبەرووی بۆتەوە، بۆ ئەوەش میتۆدێکی بەکارهێناوە، کە لەداڕشتنی ئەو کارانەدا کورت دەبێتەوە بەرێگەیەك، کە زۆر هاورێکی ئەو وشانە بێت لە

بەكرداری له وتارەكەیدا بەكاریهێناون، بەلاّم ئەوەی كه پەیوەسته به تۆماركردنی رووداوەكانەوه بەكردارییی لەجەنگەكەدا، ئەوا من بەتەنها پەیوەست نەبووم به بیرورِاو تەسەوری تایبەتی خۆمەوه بۆ گێرانەوەی رووداوەكانی ژیان ئەوەی كەله گێرانەوەكانەوه گوێم لێبووه و ئەوان وەك شاهید عەیان بۆیان گێراوەتەوه، بەڵكو پشتم بەستووه بەتاقیكردنەوەی هەموو ئەوانه بەگەورەترین توانا له وردەكاری و راستی،كه بەئاسانی ئاشكرا ناكرێت، هەموو رووداوێك بەچەند گێرانەوەیەكی جیاواز دەگێردرێتەوه بەجیاوازی ئەو كەسانەی بیستویانه ئەو لەلایەك لەلایەكی تریشەوه جیاوازی توانای باسكردنیان لەو رووداوه.

دواجار ثیوكیدیدس بەتەواوی زانیویەتی، هەروەك لەكتێبەكەیدا گوزارشتی لێكردووه، كه مێژوویەكی وشكی خالّی لەچێژ و خۆشی پێشكەش خوێنەرانی كردووه، كەلەوانەیه لەنوسراوه مێژووییەكانی تردا بیبیننەوه، بەلاّم ثیویكیدیدس بروای وابووه كه كارەكەی وانوسیوەتەوه بۆ ئەوەی بۆ هەتا هەتایی بمێنێتەوه، بۆیه مێژوو لەروانینی ثیوكیدریدیسدا بۆ خۆشی و دلّدانەوه ناونوسرێ، یان تەنها بۆ بەسەرهات و گێرانەوەی چیرۆكی خۆش،بۆ ئەوه دەنوسرێتەوه كه هەموو نەوەكانی دوایی كەڵكی لێوەربگرن و لەپاشان لەسەرمێژوو نوسەكەیه راستی رووداوەكان، كه روویانداوه بەهەموو رودەكاری و ئەمانەتێكەوه بگوازرێتەوه.